سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرەمی کوردستان وەڵامی دادگای فیدراڵی دەداتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرەمی کوردستان بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرپێچیکردنی دەستوور وەسف دەکات.

ئەمە پێنجشەمە، دادوەر سەردار یاسین، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرەمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا ناڕەزایی دژی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆتای پێکهاتەکان دەربڕی.

سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرەم دەڵێت: "ئەم ئاراستەیەی دادگەی ئیتیحادی باڵا بەدەرچوون لە دەستور و یاساکان وای لەدەکات ببێتە دەسەڵاتێك لەسەرووی دەسەڵاتەکان، ئەمەش دەبێتە مایەی چەندین لێکۆتەی نەخوازراو چ لە لایەنی یاسایی بێت یان لەلایەنی سیاسی یان کەمەڵایەتی".

دەقی ڕاگەیەندراوی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرەمی کوردستان – عێراق

لە سەنگەی هەستکردن بەبەرپرسیارەتی مێژوویی و یاسایی بەرامبەر بەو ئاراستە نوێیەی دادگەی ئیتیحادی باڵای عێراقی لە بڕیارەکانی ئەم دوایییەدا لەخۆی گرتووە دەربارەی ئەو دەعوایانەی دژ بەهەرەمی کوردستان بەرزکراونەتەوە، کە چەندین سەرپێچی لەخۆگرتووە بە دەقە دەستوریە ووناکان و بنەما یاساییە چەسپاوەکان، هەروەها لە ڕوانگەی باوەڕبوونمان بە سیستەمی فیدرالی لە عێراق، ئەمە لە ئەنجومەنی شورای هەرەمی کوردستان – عێراق، گرنگترین تێبینییە یاساییەکانمان دەربارەی ئەو سەرپێچییانە بە ڕای گشتی دەخەینەووو:

1- دادگەی ئیتیحادی باڵا خۆی خستەتە شوێنی دەسەڵاتی یاسادانان، بەجۆرێك لە حوکمی دەعوای ژمارە (83) و هەردوو یەکخراوەکەی (131) و(185)/ ئیتیحادی/2023، چەندین دەقی یاسایی تەشریع کردووە لە بەندەکانی (دووەم) و(سێیەم) و(چوارەم) و(پێنجەم)ی حوکمی ئاماژەپێکراودا، ئەویش دوای ئەوەی بڕیاریداوە بە نادەستوریی بوونی هەندێك ماددە و بڕگەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو. ئەمەش پەشێلکردنەکی ووونە بە ماددە (93)ی دەستوری عێراقی ساڵی (2005)، بەتایبەت بەندی (یەکەم)ی، کە تیایدا کاری دادگەی ئیتیحادی باڵا کورتکراوەتەوە سەر پیادەکردنی تایبەتکاری چاودێریکردنی مەودای دەستوری بوونی یاسا و پێوەرە بڕکارەکان. بێیە هەنانەکایەی دەقی یاسایی لە بڕیاری دادگەی ئیتیحادی باڵا دەستوردانە لە تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و سەرپێچییەکی ووونە بە ماددە (47)ی دەستور کە دەقی کردووە لەسەر ئەوەی هەر دەسەڵاتێك پیادەی تایبەتکارییەکانی خۆی دەکات لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

2- پابەند نەبوونی دادگەی ئیتیحادی باڵا بە عەریزەی دەعوای داواکار، بەجۆرێك داواکاری دەعوای ژمارە (83)ی ئاماژەپێکراو، داوای هەڵوەشاندنەوەی یازدە کورسییەکەی (کورسییەکانی کتا)ی نەکردووە، بەڵکو داوای دوبارە دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بەسەر پارێزگەکانی هەرەم بگوێرەی پێوەری ژمارەی دانیشتووان، کەچی دادگەی ئیتیحادی باڵا لە بەندی (یەکەم)ی حوکمەکەیدا بڕیاریداوە بە نادەستوریی بوونی دەستواژەی (یازدە) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ی هەموارکراو، ئەمەش داواکار لە عەریزەی دەعواکەی داوای نەکردبوو، بەم پێیەش ئەمە دەبێتە پەشێلکردنەکی ووونی ئەو بنەمایەی لە یاسا و لە دادگەریدا چەسپاوە کە دەڵێت: دەعوا لە چوارچێوەی عەریزەکەیدا سنووردارە، و نابێت حوکم بکرێت بە زیاتر لەوەی داواکار داوای دەکات.

3- لە دەعوای ژمارە (83)ی ئاماژەپێکراو دیارە کە کەسانی داوالێکراو بریتین لە:

- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دادگای ئیتیحادی باڵا لە بڕیاری (هەشتەم)ی حوکمی دەعوای ئاماژەپێکراو بڕیاریداوە بە ڕەتکردنەوەی دەعوا بەرامبەر هەردوو داوالێکراو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئاراستەنەبوونی نیاری (عدم توجه الخصومه). بەمەش نیاری (الخصومه) کورتکرایەوە سەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دادگای ئیتیحادی باڵا بەئاگایە لەوەی بەبەیاری ژمارە (233) و یەکخراوەکانی (239) و(248) و(253)/ئیتیحادی/2022 لە 30/5/2023 حوکمی داوە بە نادەستوریی بوونی یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (12)ی ساڵی 2022، بەم پێیەش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم ئەندامەکانی لەبنەڕەتدا بوونی یاسایان نەماوە، لە کاتێکدا ماددەی (4)ی یاسای دادبینیی مەدەنیی ژمارە (83)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو مەرجی داناوە بۆی پێویستە داوالێکراو نیار بێت. بەگوێرەی ئەم ماددەیە پێویست بوو دەعواکە ڕەت بکرێتەوە لەبەر نادروستی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەك نیارێك چونکە لێکاتی بەرزکردنەوەی دەعواکە بوونی یاسایی نەماوە.

4- سەرپێچیکردنی دادگای ئیتیحادی باڵا بە ڕەسا یاساییە ڕەکارییەکان، کاتێك لە دەعوای ژمارە (233) و یەکخراوەکانی (239) و(248) و(253)/ئیتیحادی/2022، بڕیاریداوە بە قەبولکردنی نووسراوی لادانی هەردوو بەیکار (د. وعدی سلێمان مزوری) و فەرمانبەری مافپەروەر (شەرمین خزر بەهجت)، هاتوو لە پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (1369) لە ڕێکەوتی 23/5/2023 و هەوەشاندنەوەی تەخویلکردنی ئامادەبوونیان لەدادبینیکردن لەبەردەم دادگای ئیتیحادی لە دەعوای ئاماژەپێکراودا. کەچی دادگای ئیتیحادی باڵا لەبەرگەی ژمارە (1)ی حوکمی ئاماژەپێکراویدا بڕیاریداوە بە نادەستوریی بوونی یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (12)ی ساڵی 2022، بەم حوکمەش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی لادانی هەردوو بریکاری ئاماژەپێکراوی نامێنێت.

5- دادگای ئیتیحادی باڵا لە هەندێك لە بڕیارەکانی کۆتتە هاودژی بوون، کاتێك لە دەعوای ژمارە (83)ی ئاماژەپێکراودا، بڕیاریداوە بە هەوەشاندنەوەی کورسی (کەتا)کان پاڵپشت بۆی بوونی ئەم کورسییانە بە پێکهاتەکان لە یاسای پەرلەمانی کوردستان - عێراق ی هەموارکراو پشێلکردنە بە ماددەی (16)ی دەستور کە دەقی کردووە لەسەر ئەوەی هاودەرفەتی مافەکی پارەزراوە بە سەرجەم عێراقییەکان، و

دەوڵەت گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ هاتنەدی لێئەستێ دەگرێت. بەڵام گەر بەووردی سەیری ئەم ماددەیە بکەین بەمان دەردەکەوێت کە پێدانی کورسی (کێتا) بە پێکهاتەکان ئەم هاودەرفەتیە دەستەبەر دەکات، و بەیاساکردنی ئەم کورسییانەی (کێتا) بە پێکهاتەکان و چەسپاندنیان بەیان ڕێکارێکی پێویستە لەسەر دەوڵەت بیگرێتەبەر بۆ بەرجەستەکردنی هاودەرفەتی، بەتایبەت لێکاتی پیادەکردنی سیستەمی فرەبازنەیی هەڵبژاردن لەگەڵی دابەشکردنی هەرێم بۆ چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردنی جیاواز، بەجۆرێك دەنگی پێکهاتەکان بەسەر ئەم ناوچانە دابەش دەبێت و لەوانەیە هیچ کورسییەك بەدەست نەهێنن. کەواتە دادگەی ئیتیحادی باڵا کاتێك بیاریداوە بە هەڵوەشاندنەوەی کورسییەکانی (کێتا)کان لە هەمان بیاردا بیاریداوە بە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بە چەند ناوچەیەك کەمتر نەبێت لە چوار ناوچەی هەڵبژاردن. ئەمەش لێکاتی پیادەکردنیدا دەبێتە مایەی دەستەبەر نەبوونی هاودەرفەتی دەقنووسکراو لە ماددە (16)ی دەستور، ئەمەش هاودژیی دەنوێنێ لە هەڵوەستی دادگەی ئیتیحادی باڵا. هەر بە زانین یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنەکانی پارێزگە و قەزاکان ی عەراقی ژمارە (12)ی ساڵی 2018ی بەرکار، بەپێی دوایین هەموارکردنی، دەقی کردووە لەسەر بنەمای کێتا و پێدانی کورسی بە ژمارەیەك لە پێکهاتەکان (ماددە 15ی هەموارکراو بەپێی ماددە 9ی یاسای هەمواری سێیەمی ژمارە 4ی ساڵی 2023).

6- وەرای ئەمانەی سەرەوە، خودی پێکهاتەی دادگەی ئیتیحادی باڵا ناکۆکە لەگەڵ دەقی بەندی (دووەم)ی ماددە (92)ی دەستوری عەراقی ساڵی 2005، چونکە بەپێی ئەم بەندە دادگەی ئیتیحادی باڵا لە ژمارەیەك دادوەر و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و یاساناسان پێکدێت، هەروەها ئەو یاسایەی ژمارەیان و شێوازی دەستنیشانکردنیان و کاری دادگە ڕێکدەخات پێویستە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران تەشریع بکرێت. بەیێ ئەو دادگەیەی چاودێریکردنی دەستوریی بوونی یاساکان لە وڵاتدا لێئەستێ دەگرێت، پێویستە، پێش هەر لایەنێکی دیکە، پابەند بێت بە ماددە و بەندەکانی دەستور، بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە پێیوەست بێت بە پێکهێنانی ئەم دادگەیە و چۆنیەتی کارکردنی، چونکە هیچ ڕەوا نییە دادگەی ئیتیحادی باڵا حوکم بدات بە نادەستوریی یاساکان کەچی خودی خۆی لە ڕووی پێکهاتە و کارکردن و یاسای ئەستاکەی وەکیەك نەبن لەگەڵ دەستور.

دیارە ئەم ئاراستەیەی دادگەی ئیتیحادی باڵا بەدەرچوون لە دەستور و یاساکان وای لەدەکات ببێتە دەسەاتەك لەسەرووی دەسەاتەکان، ئەمەش دەبێتە مایەی چەندین لێکۆتەی نەخوازراو چ لە لایەنی یاسایی بێت یان لەلایەنی سیاسی یان کەمەایەتی. بەجۆرێك لەم دوایینەدا سەرەتای ئەم لێکۆتە نەخوازراوانە دەرکەوت کاتێك حزب و لایەنە نوێنەرەکانی گرنگترین پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان (تورکمان و ئاشوری و سریان و کلدان) ڕایانگەیاند بەشداری ناکەن لەو هەڵبژاردنەی بیاردراوە لە

10/6/2024 ئەنجام بدرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی کێشەی سیاسی لە واقیعی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو پەرلەمانەی لەدوای هەڵبژاردنی ئاماژەپێکراودا پێکدەهێنرێت نوێنەری پێکهاتەکان لەخۆ ناگرێت. بەیێ دەبێت دادگای ئیتیحادی باڵا پابەند بێت بە دەستور و پیادەی تایبەتکارییەکانی بکات بەو شێوەیەی لە دەستوردا هاتووە و پشتڵی تایبەتکاری دەسەڵاتەکانی دیکە نەکات.

دادوەر

دکتۆر سەردار یاسین حەمەدئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق